www.kurdistannet.org
11-12-2006 22:24بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# لابردنی سروودی ئەی ڕەقیب و سیستمی دیموکراتی باشوور!. .. م. حەمید عەزیز

## دەسکاری کردن و لابردنی سومبولی نەتەوەیەک ڕای ئەو نەتەوەیەی دەوێ.. !.

دەستکاری کردن و لابردنی سومبولی نەتەوەو نیشتمانێک بەئارەزووی دەسەڵات خۆی کارێکی سانا نییە لێپرسراوێتی یەکی گەورەو ترسناکە بەرامبەر مێژووی ئەو میللەتەو پیرۆزی یەکانی. ئەو ئارەزوەش دەست درێژی یە لەلایەن دەسەڵاتێک بەرامبەر مێژوو شارستانییەتی میللەتەکەی و دەبێتە هۆی تێکشکانی ئاوێنەی (وەک و خۆی) ژیان و ماندوبوون و شارستانییەت و مێژوو خەباتی ئەو میللەتە ئەگەر ئەو دەستکاری یە یان ئەو لابردنە بەویستی دەسەڵات بێت زیاتر ئەبێتە هۆی کوشتنی هەموو یادەوەری یەکانی دوێنێ و بەتاڵ و حەتاڵ کردنی تێگەیشتنی ئەمڕۆی چونکە هەر میللەت و هۆزو نیشتمان و گروپێک کاری ئەمڕۆی لەسەر ماڵی هەبووی خەبات و تێکۆشان و کتێبخانەی پڕ هونەری دوێنێی دادەڕێژێ. ئەگەر بەبێ پرسووڕای هەر میللەتێک دەستکاری پیرۆزی یەکانی کرا لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەوا دەسکاری مێژوو هونەرو شارستانی و چارەنووسیشی کراوەو ئاقیبەت ئەو میللەتە هیچ بەهیچ ترسنۆکی ئەچێنێ و سەرگەردانی ئەدووڕێتەوە لەو دەسەڵاتە. هەر دەسەڵاتێک ئەو هەقە بەخۆی بدات کە بەئارەزووی خۆی دەستکاری هونەرو ماندوبوونی میللەتەکەی بکات ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو دەسەڵاتە تاک ڕەوی و دیکتاتۆرە. ئەمەی ئێستاش کەلە باشووری کوردستان خەریکن بۆ لابردنی سروودی نیشتمانی هەرە گەورەو پیرۆزی میللەتی کورد هۆنراوەی هۆنەری گەورەی کورد دڵدار کەئەویش سروودی (ئەی ڕەقیب) ە کارێکی نایاسایی و نادیموکراتی یە بەو جۆرە موڵکی میللەتێک بسڕدرێتەوە چونکە ئەوەی کەلەماڵ و سەروەتی کوردان مابێتەوەو پیت و ووشەکانی نەدزرابێ ئام دیوو ئاو دیوی فرۆشتن نەکرابێ ئەم سروودەیە. سروودی نیشتمانی (ئەی ڕەقیب) بێجگە لەوەی کە سوومبولی گەورەی نەتەوەی کوردە مێژووی نیو سەدە پترە لە ئەدەب و جەنگ و بەرگری کە هەموو چاومان کردۆتەوە وەک و ئایەتێکی پیرۆز لەمنداڵی یەوە لەبەرمان کردووەو خستوومانەتە سنگمانەوە بۆ تەشەنە کردنی کوردایەتی لەگیانی ئێمەی ژێردەست و چەوساوە، کەلە مێژە جەستەو دڵی نیشتمانیان داگیرکردووین و تابلۆ جوانەکانی سەربەستییان بردووین لەلایەن دەسەڵاتەکانی (*عاتوفا) هۆی ئەم هۆنراوە نەتەوەیی و دنیای گوڕوتینە بووە کە خوێن و هەستی نیشتمان پەروەری میللەتی کوردی جوڵاندووە و هەر ئەم هۆنراوەیە بۆتە هۆی بەشێک لەیادەوەری منداڵی و گەنجی و پلە بە پلەی ژیانی ڕامیاری میللەتی کورد و بەڕێ کردن و پەروەردە کردنی بە کوردایەتی بوون زیاتر لە پەنجا نەوە ئیتر چۆن یادەوەری ئەسڕدرێتەوە چۆن مرۆڤ ئەتوانێ نیشتمان لەبیرکات، سروودی ئەی ڕەقیب خۆی لەخۆیدا لای ئێمە نیشتمانێکە پڕ بەرگری و کوردایەتی و.. هتد. نهێنی گۆڕینی ئەم سروودە دەبێ چی بێت. ؟. لەڕاستیدا ئەو دەسەڵاتەی کەدەیەوێ ئەم سروودە بگۆڕێ پێویستی بەڕاو بۆچوونی میللەتی کورد هەیە، مەبەستیش لەهەر چوار بەشی ڕزگار نەکراوی کوردستانە چونکە ئەوەی کە لەباشووردا هەیەو دەکرێ ئەمڕۆ وەک و زوڵم و چەوسانەوەی چینایەتی کەمتر نی یە لە ژێردەستەیی بەشەکانی تر و شتێکیشی کەلەبەشەکانی تر زیاترە ئەو تاریکستانەیە کەیەخەی خەڵکی خەباتگێڕی ئەم بەشەی گرتۆتەوە و دووای پتر لەنیو سەدە خەبات و تێکۆشان تازە بەدیار چرای دوکەڵاوی یەوە دادەنیشین و هەموو کات هەناسەو چاوو دڵمان دووکەڵی ڕەشی لێ دەتکێ ئەڵێی سەردەمی ئەمەوی و بێزەنتی یەکانە. ئەم سروودە نزیکەی نیو سەدەیە هەیە بەڵام کەس نەیتوانیووە ڕەخنەی زمانەوانی یان زمانی بەرگری یەکەی یان کێش و لەیەکچوونەکەی بگرێ و.. هتد. ئەی هۆکارو فاکتەری ئەم کارە چی یە بۆ لابردنی ئەی ڕەقیب کەوەک و ناوی باوکو باپیرمانی لێهاتووەو هەموومان خستوومانەتە سنگمانەوەو لەخۆمان خۆشترمان دەوێ. ؟. ئیشەکانی ئەم دەسەڵاتە لەباشوور سەری خەڵکی ئاوسانووە هەر لەو سەر

ئاوسانانە دووانی باس دەکەم.. کوردستان ئێستا زۆر پێویستی بەقوتابخانە هەیە چونکە هەندێ لەقوتابیان لە کێڵگەی مریشکدا اوانە دەخوێنن و هەندێ گوند هەیە قوتابخانەی تێدا نی یە منداڵان لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر بە پێ دەڕۆن بۆ قوتابخانە بەو سەرمای زستانە، کەچی میری هەرێم و دەسەڵاتەکەی سلێمانی لەناوچەی چۆمان بەبڕی چەند ملیۆن تێچوون و چەندی تری دزی تەکیەمان بۆ دەکاتەوە بەڵام لەناوچەی شۆڕش لە باشوور قوتابخانەیەکی بەگڵ دروست کراو خەریکە دەڕوخێ بەسەر منداڵەکاندا. یەکێکی تر لەسەر ئاوسانەکانی ئیدارەی سلێمانی ئەوەیە کەخەڵکی بەتاریکی و زوقم و سەرما شەوو شەوگار دەباتە سەر کەچی بەبڕی چەند ملیۆن دۆلاری لە شاخی ئەزمڕ تونێل لێ دەدرێ، سەرئاوسانەکان زۆرن باهەندێکی بۆ نووسینەکانی تر بمێنن. ئەمە ڕامیاری نوێ نی یە بۆ سەر گەرم کردنی (مشغول) خەڵکی باشوور.. لەکاتی ماڵوێرانی یەکانی ئەم نەتەوە ستەم دیدەیە بەتایبەت لەکاتی برا کوژی یەکاندا زۆر ئامێرو پڕوپاگەندەو بابەتییان بەو مەرامە بڵاو دەکردەوە بەڵام فڕوفێڵ لەگەڵ خەڵکیدا سەرئەنجام مایە پووتە. ئەگەر بیانووی ئەوە بەو سرووده دەگرن کە نزیکەی پەنجا ساڵە بوونی هەیەو تەمەنێتی ئەوا ئەو بیانووە بنەڕەتی و ئەکادیمی نی یە چونکە سروودی نیشتمانی وڵاتانی تر هەیە کە تەمەنی پترە لەم سروودەو لەئێمەش پێشکەوتوترن لەهەموو بارێکی ژیانەوە بۆ نموونە: وڵاتی ئەڵمانیا کە وڵاتێکی فیدڕاڵیە و لەسەر بنەڕەتی دیموکراتی پەرلەمانی میری یەکەی دامەزراوە کەچی تەمەنی سروودی نیشتمانی یەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ دەورو بەری 165 ساڵ لەمەوبەرو هەتا ئێستاش هەر ئەو سروودەیەو لەکاتی ووتنیدا لە بۆنەکاندا لەهەر شوێنێکی ئەڵمانیا بووترێ یەکسەر زۆربەی خەڵکەکەی دەست ئەکەن بە فرمێسک بارین لە خۆشەویستی وڵات و ئەو سرووده نیشتمانی یە. بەڕاستی ئەگەر دەسەڵاتێک کاری ئاوا بکات دووای ئەوەی دەبێ ڕای خەڵکی مسۆگەر کردبێ ئینجا پێویستی بە بانگەواز هەیە کە داوا لەهەموو نووسەرو هۆنەری ئەو وڵاتە بکات کە هۆنراوەیەک بنووسن بۆ ئەو مەبەستە و دووایی کۆمەڵێ خەڵکی ئەکادیمی و نووسەر و ڕۆشنبیر دەنگ لەسەر باشترین و جوانترین و بەهێزترین و بەپێزترین هۆنراوە بدەن و بەهەمان شێوە ئاوازەکەشی دەبێ هەڵبسەنگێندرێ لەلایەن موزیک ژەنانی بەتواناوە، دووای ڕەزامەندی گەل بەشێوەیەکی دیموکراتی و مۆدێرن هەڵبژاردنی سرودەکەش لەلایەن لیجنەی تایبەتەوە، دەبێ هۆنراوەکە ئەم خاڵانەی تێدا بەدی بکرێ:

1/ دەنگی هەموو چین و توێژی نەتەوەکەی تێدا بێت.

2/ هەموو بەشەکانی سەروەری کە سومبولی ئەو گەلەن تێدابێت وەک و خاک، ئاڵا، نەتەوە.

3/ دەبێ هەم هۆنەر و هەم ئاواز دانەر بێلایەن بن و ئەندامی پارتەکان نەبن.

4/ دەبێ هەردووک ڕابردوو پاک و نووسین یان ئاوازیان نەبێت بۆ هاندانی براکوژی ئەو میللەتە چونکە ئەو نووسین و ئاوازە دەبێتەوە بە سیمبوول بۆ ئەو نەتەوەیە. ناشبێت پێنووسی کەسێکی حیزبی یان ڕابردوو خراپ ببێتە سیمبوولی گەلێک ئەوەش کارەساتە دەبێ تەنها لەو نەتەوەیە بێت و بێلایەن بێت چونکە ئەو نووسین و ئاوازە کە دەبێ بە سروودو سیمبوول بۆ هەموو چین و توێژی ئەو گەلەیە و دەبێ بەشێوەیەک بێت نەوەی دووای ئێمە شانازی پێوە بکات.

5/ خوێندنی سرودەکە لە خولەک و نیوێ تێنەپەڕێ.

6 / سرودێک بێت بشێت و بگونجێت بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان.

بەڵام دیسان دەسەڵات کاری زۆر گرنگی لەپێش بوو بیکردایە و هیچ سرودێکیش ئیکسپایەر نابێت تەنها لەگۆڕینی باری ڕامیاری وڵات و میللەتێک نەبێت.. بۆ نموونە ئەگەر کاتێک هەرچوار پارچەی کوردستان ڕزگاری بوو ئەوکات سەردەمی شەڕو بەرگری نەما ئەتووانین بڵێین پێویستە ئەم سرووده بگۆڕین چونکە بۆ کاتێک نووسراوە کەلە شەرو بەرگریدا بووین و ژێر دەست بووین بەڵام ئێستا ئازادین.

بەڵام ئێستا لەهەمووکاتێکی تر ژێردەست ترو زوڵم لێکراوترین ئەوەی کوردستانیش تەنها بەباشوور دەبینێ ئەوە زۆر هەڵەیە چونکە کوردستان وواتای کوردستانی گەورەیە (سنەو دیاربەکرو قامیشلۆو هەولێرە) بەڕای من کاری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری زۆر مابوو بۆ ئەو گەلە ستەم دیدەیە چونکە بەرەو لەت بوون و ناتەبایی و شەڕی کورسی و بەرژەوەندی خۆیی دەچین. بەهیوای ئەوەی سەرکردەکان لەکەلی شەیتان بێنە خوارەوە و بەزەییەکیان بەحاڵی نەتەوەکەیاندا بێتەوە چونکە ئەمڕۆ ئێمە ژێردەست و هەژارین سەرکردەکانمان دیکتاتۆرن و شەڕی پلەو پایە دەکەن.. ! ئەی سبەینێ کە بووین بە دەووڵەت.. خوا ڕەحم کا. !؟.

- عاتوفا: دەستەواژەیەکی وێژەیی خۆمە لەهەندێ هۆنراوەدا بەکارم هێناوە، مەبەست لە دەسەڵاتی داگیرکەری فاشستی (عارەب و تورک و فارسە) . م.حەمید عەزیز